# ڕەفتاری پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەڵ منداڵاندا

[ kurdish – كوردی – كردي ]

هێمن عبدالعزيز

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# تعامل الرسول ﷺ مع الأطفال

« باللغة الكردية »

هيمن عبد العزيز

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# ڕەفتاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ منداڵاندا

منداڵان جگەرمانن .. هەستو سۆزی هەناومانن .. ئەو کاتەی کە لەسەر زەویدا ئەڕۆن، نیعمەتێکە کە خوای پاکو بێگەرد پێی بەخشیوین تا دەستگیری نیعمەتەکان بین، وێڕای هەموو ئەو ئازارو نارەحەتییانەی کە لەم ڕۆژە نینۆك لە قامکیاندا درووستبووە، دایکی داماو ئومێدی گەش و شادو دڵشادی پێ بوون، چونکە منداڵ سەرچاوەیەکی بەهێزی هۆکارەکانی ژیانن .

**ئەهمیەتدانی ئیسلام بە منداڵ:**

ئیسلام ئەهمیەتێکی بەرزی بە منداڵ داوەو ژیانی پارێزراو کردووە، هەر لەو ڕۆژەی کە لە سکی دایکی بووە مەیلی ئەو ئەهمیەتدانەی پێدراوە، بۆیە وشیاری دایك و باوکانی داوە، کە هەرگیزاو هەرگیز کەمتەرخەمی لە دەرهەق پەروەدەی منداڵاندا نەکەن و چاو نوقانێك لێیان بێ ئاگا نەبن .

بۆیە پێغەمبەری ئەکرەم (صلى الله عليه وسلم) میراتگەلێکی زۆرو زەوەندی بۆ بەجێهێشتووین کە پڕیەتی لە هەڵوێست و چیرۆك و ڕووداوگەلی ئەوتۆ، کە فێری کردووین و ڕایهێناوین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا بکەین.

چونکە کەس لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە بەزەیی تر نەبوو لە دەرهەق منداڵاندا، بۆیە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: من کە ئەچمە ناو نویچژ حەز ئەکەم کە نوێژەکەم درێژ بکەمەوە، وەلێ کە گوێم لە گریانی منداڵان ئەبێت، نوێژەکە کورت ئەکەمەوە، لە بەر جەرگ سۆزی دایکی منداڵەکە کە گوێی لە گریانی منداڵەکەی ئەبێت" .رواه مسلم ."

دەجا با هێندێ لە هەڵوێست و ڕووداوەکانی ئەوێ ڕۆژێی پێغەمبەری نازادار (صلى الله عليه وسلم) لە گەڵ منداڵاندا ڕابمێنین :

**یەکەم: فێرکردنی منداڵ لەسەر ئادابی مەجلیس و شێوازی مامەڵەکردن:**

پێویستە لە سەر دایکان و باوکان کە ڕۆڵەکانیان فێری ئادابی مەجلیس و شێوازی مامەڵەکردن بکەن، نەکەن لە حزوور گەوراندا پێ درێژ بکەن و لە پێش گەوراندا قسە بکەن .

هەروەك لە ( سَمُرَةَ بن جندب) دەگێڕنەوە کە دەفەرموێت : « لقد كنت على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم غلاماً، فكنت أحفظ عنه فما يمنعنى من القول إلا أن ها هنا رجالاً هم أسن مني» [رواه مسلم]. واتە: من لە دەورانی

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم (منداڵ بووم و شتی لێ فێر ئەبووم، ڕێگری لە قسەکردنم نە ئەکرد، تەنها ئا لێر نەبێت کە چەند پیاوێك هەبوون و تەمەنییان لە من گەورەتر بوو.

هەروەها لەو چیرۆکانەی کە هاندانی منداڵان لای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نیشان ئەدەن. ئەو فەرموودەیە کە بوخاری لە ئیبنو عەبباس "خوا لێیان ڕازی بێت " ئەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: عومەری کوڕی خەتتاب "خوا لێی ڕازی بێت " منی ئەبردە نێو خەڵکە بەساڵا چووەکانی بەدر، هێندێکیان ئەیانگوت: ئەوە بۆچی ئەو منداڵەت هێناوەتە تەکمان، خۆ ئێمەش منداڵی تەمەن ئەومان هەیە، ئەویش ئەیفەرموو: ئەوە لەوانەیە کە فێرم کردوون، ئەگێڕێتەوە،جارێکیان منی لەناو گەورە پیاوان بەجێهێشت! ئەڵێت منی لە ناویان جێنەهێشت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە تێمڕابمێنن، ئەڵێ: عومەر فەرمووی: چی ئەڵێن سەبارەت بە ئایەتی إذا جاء نصر الله والفتح، ورأیت الناس یدخلون تا کۆتایی ئایەتەکە؟ هێنێکیان گوتیان: لەم ئایەتە فەرمانمان پێکراوە کە حەمدو ئیستیغفاری خوا بکەین ئەگەر خوا سەریخستین و فەتحی بۆ هێنایە پێش، هێندێکیشیان گوتیان: نازانین، هیچی تر قسەیان نەکرد، ئینجا ڕوو لە ئیبنو عەبباس

ئەكات و ئەڵێت: تۆش هەر وا ئەڵێیت؟: ئەڵێ گوتم: نەخێر، فەرمووی: چی ئەڵێیت؟ ئەڵێ گوتم: بریتییە لە سات و وەختی وەفاتکردنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خوا تێیگەیاند کە ئەگەر سەرکەوتنی خوا هاتە پێش، کە بریتییە لە فەتحی مەککە، ئەمە نیشانەی ئەجەلی تۆیە، کەواتە تۆش فسبح بحمد ربك واستغفره إنه كان تواباً تۆش پەروەردگاری خۆت بە پاکڕابگرەو داوای لێخۆشبوونی لێبکە، چون هەر ئەو وەرگری تۆبەکانە. لێرەدا عومەر فەرمووی: ئەوەی ئەیزانم هەر ئەوەیە کە تۆ ئەیلێیت .

لێرەدا زۆر گرنگە کە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵدا بکرێ و داوای ڕای خۆی لێبکرێت، ئەویش بە ڕەچاوکردنی قۆناغی هەراشبوونی ئەو منداڵە کە پێیدا ڕەت ئەبێت .

**دووەم: فێرکردن و تێگەیاندنی لە ڕێگەی شۆخیکردن و گەمەو کایە کردنەوە :**

کە وەك مەدرسەیەکی نوێی بەسوودە بۆ ئەو منداڵە، وە سوودی زۆریشی بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی منداڵ هەیە، چونکە ئەمە ئەتگەیەنێتە ناخی سایکۆلۆژی منداڵەکە .

بۆیه لەم ڕووەوە زۆرێك لە فەرموودەكان هەن كە ئەم جۆره ڕێگەیه نیشان ئەدەن. لەو چیرۆكانە كە هەردوو شێخەكه (بوخاریو موسلیم) لە ئەنەسی كوڕی مالیك "خوا لێیان ڕازیبێت " گێڕاویانەتەوە، كە دەفەرموێت: « كان النبى صلى الله عليه وسلم أحسن الناس خلقاً، وكان لي أخ يقال له أبو عمير، وكان إذا جاء قال: " يا أبا عمير ما فعل النغير» واتە : پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) خاوەنی چاكترین خووڕەوشتی بەرز بوو، برایەكم هەبوو ناوی ئەبو عومەیر بوو، كاتێ كە پێغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم) ئەهات، پێی ئەفەرموو: باوكی عومەیر نوغەییر چی بەسەر هات؟

نوغەیر: بچووككراوەی (نغر)ە، كە باڵندەیەك بوو ئەبو عومەیر یاری لەگەڵدا ئەكرد .

هەروەها ئەگێڕێتەوە، كەوا پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئەهاتە ماڵمان و فەرمانی ئەدا كە ئەو ڕایەخەی لەسەری دا ئەنیشت بۆی بهێنین، پاشان پاكی ئەكردەوەو ڕایئەتەكان، ئینجا هەڵئەسا نوێژی لەسەر ئەكردو ئێمەش بە دواییەوە نوێژمان ئەكرد .

لەم فەرموودە وانەیەكی گەورە لە پەروەردەكردنی منداڵ فێر ئەبین، كە حەزو خۆشەویستی پێ ئەبەخشین لە ڕاپەڕاندنی

کارەکان و لە گەلە کۆمەك و هاندانیان لە بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینییەکان، بۆ ئەوەی کە گەورە بوون بە ئەرکی واجبات و هقوقەکان هەڵبسن .

**سێیەم: نەرمی نواندن و هەست و سۆز بوون لە گەڵیاندا :**

وەك دەگێڕنەوە کەوا ڕۆژێك پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لە بازاڕ ئەبێت و چاوی بە ئەبو عومەیر ئەکەوێت و ئەگریەت، ئەویش پرسیاری لێ ئەکات کە بۆچی ئەگریت؟ ئەویش ئەڵێت: ئاخر نوغویر مردووە ئەی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) ، پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم) دەست دەکات بە لاواندنەوەو یاری لەگەڵکردنی تا ژیری ئەکاتەوە بە پێکەنینی ئەهێنێت، لەو کاتەدا هێندێ لە یارانی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بەلایدا ڕەت ئەبن و ئەبینن کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەگەڵ ئەبا عومەیر دانیشتووە، لێی ئەپرسن ئەوە بۆچی لەگەڵ ئەو منداڵە دانیشتوویت ئەی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) ؟ ئەویش دەفەرموێت: ئاخر نوغەیر مردووە، هاتووم کە سەرەخۆشی لە ئەبا عومەیر بکەم .

ئەم فەرمودە زۆر بە ئاشکراو ڕوون بەزەیی و سۆزی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) سەبارەت بە منداڵان نیشان ئەدات .

## چوارەم: نزیکبوونەوە لەگەڵ منداڵان لە ڕێگەی بەخشینی دیاریەکان :

هەروەك لەو فەرموودەی (مسلم) کە لە ئەبی هورەیرە "خوا لێی ڕازی بێت " ئەگێڕنەوە وە دیار ئەکەوێت، کە دەفەرموێت : كان الناس إذا رأوا أول الثمر جاءوا به رسول الله صلى الله عليه وسلم، فإذا أخذه قال: « اللهم بارك لنا في ثمرنا وبارك لنا في مدينتنا » ثم يدعو أصغر وليد يراه فيعطيه ذلك الثمر. واتە: خەڵکی کاتێك بیانبینیایە کە میوەکانیان بەری گرتووە، (هێندێکیان) لێی ئەهێنا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەویش وەری ئەگرت و دوعای لەسەر ئەخوێندو دەیفەرموو: خودایە بەرەکەت بخەیتە نێو بەرکانمانەوە، خودایە بەرەکەت بخەیتە شارەکەمانەوە، پاشان بانگی بچوکترین منداڵی ئەکرد کە ببیبینیایە و لە بەرەکەی پێئەدا .

## پێنجەم: پێداگرتن لەسەر ئەوە کە نابێت فێڵ و درۆیان لەگەڵدا بکەیت :

هەروەك لە (عبد اللە بن عامر) "خوا لێی ڕازی بێت " دەگێڕنەوە دەفەرموێت : « دعتني أمي ورسول الله صلى الله عليه وسلم قاعد في بيتنا فقالت: ها تعال أعطيك " فقال لها صلى الله عليه وسلم: " ما أردت أن تعطيه؟ " قالت " أعطيه تمرا" ، فقال لها: " أما أنك لو لم تعطيه شيئاً كتبت عليك كذبة » واتە : پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) لە لامان دانیشتبوو کە دایکم بانگی کردم و گوتی: وەرە شتێکت بدەمێ، ئەڵێ پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەتەما نیت کە هیچی بدەیتێ؟ دایکەکەش ئەڵێت: بە تەمام کە دەنکە خورمایەکی پێبدەم، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ئەگەر هیچ شتێکی نەدەیتێ ئەوا درۆیەکت بۆ ئەنووسرێت .

کەواتە :درۆکردن لە گەڵ منداڵ وا لەو منداڵە ئەکات کە هیچ بەقاو متمانەیەکی بەو دایك و باوکە نەمێنێت، واشی لێ ئەکات کە لە دوا ڕۆژدا فێرە درۆ ئەبێ و درۆزن دەرچێت .

## شەشەم: ئاقڵکردن و تەمێکردن لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی :

هەروەك لە ئەبی هورەیرە "خوا لێی ڕازی بێت " ئەگێڕنەوە، کەوا ڕۆژێك حەسەنی کوڕی عەلی "خوا لێیان ڕازی بێت " دەنکە خورمایەکی سەدەقە هەڵئەگرێت و بۆ دەمی خۆی ئەبات، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: کخ، کخ! فڕێی بە، ئایا نەتزانیوە کە ئێمە دەم لە سەدەقە نادەین؟

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، کە چۆن ئاڕاستەو

ئامۆژگارییەکان ئەبێت کە بەنەرم و نیانی و لەسەر خۆیی ئاڕاستەی منداڵ بکرێن، ئەویش دوای چاودێرییەکی ووردی منداڵان ئەبێت ئەمە ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەم شێوازە سەری نەگرت ئینجا پەنا بۆ ڕێگەیتر ئەبردرێت .

هەڵبەت منداڵانمان وەك قوڕێکی تەڕ وان، تا تەڕن ئاسان ئەتوانیت چۆنت بوێت وای درووست بکەیت، ئەگەریش وشك بووو فریای نەکەویت، چی لێبکەیت ئەشکێت !بۆیە گرنگە کە لە هەموو ئاکارو ڕەفتارێکماندا چاو لە پێغەمبەری ئەکرەم (صلی اللە علیە وسلم) بکەین و لە ئاکارو ڕەوشتی ئەمدا لە ڕەفتارمان لەگەڵ منداڵاندا بنۆڕین.